# سێبەری من کۆڵان دەخاتەگومانەوە !

شەهید کەوڵۆسی

## هێندەم تەپوتۆزی تەنهایی گرتووەبەئاستەم ئەبینرێم

ئەوەی هەیکەلی منی پێک هێناوە ڕەشاییە,
ڕەشایی زەمەنێک بەڕوناکی من ڕووەڕەشەکانی خۆی ئاشکراکرد
هێندەلەدڵەوەغەریبم بەئاستەم زمانم دەگەڕێت
ئەوەندە گۆشەگیرم لەعەشقا بەئەستەم هەنگاوم دەگەڕێت
.هێندەموعتادم بەخەیاڵ بەگران عەقڵم دەگەڕێت!!
هەنگاوەکانم زۆرجارکۆڵان بێزاردەکەن..
لەبەرئەوەنائەمەوێت دەنگێک لەکۆڵاندابەمەوە
تەنهالەبەرئەوەی کۆڵان تەنهایی خۆی خۆشدەوێت
نەک گوێگرتن لەتەپەتەپی پێی مەخلوقێکی تەنها
سێبەری من کۆڵان دەخاتەگومانەوە
لەبەرئەوەنا کۆڵان درەنگ پێی دەزانێت شتێک هەیە
لەو بەدبین تر,
تەنها بۆئەوەی کۆڵان سەرشاری بەد بینیەکانی شەقامیشە
من نابینرێم زۆرو زەوەندی خەون, مانای بێ هیواییە
بێ هیوایی مانای بەرپابونی خەونە!
خەونەکانم ئەوەندەبالأبەرزن گران دەستم دەکەوێتەسەر شانیان,
بێقەراری ڕۆژێکم کەنەهات
چیتربەهانەیەکم نییەدڵی ئەم زەڕنەقوتەیەی عەشق
لەخۆم نەڕەنجێنم
بەهانەیەکم نییەئیتر ڕەنگەکانی خۆم
لەبەهار نەسەنمەوەوحاشانەکەم لەگوڵەکانی سەرشەقام
کەبووەتەژوانگەی تفەنگی لەش پیس عەشقی لەش پیس
شیعری لەش پیس
حاشا لە ئێوە, ئەی عەشق قانگ دراوبەغەریزەو شەهوەت
حاشا لەهەمووئەوانەی ڕۆژگارێک ئەیان ناسیم
نەفرەت لەهەمووئەوانەی ڕۆژێک دێت ئەیان ناسم!
ئاخربەهانەیەکم نییە
ئەم ماڵە پڕنەکەم لەیاقووتی گومان.
چیترئەم دڵەئەکەمەعەرعەری عەشق و

هەڵەبجەی کۆست و

ئەبووغریبێک بۆژیان

کەرۆشتمەدەرێ ئەگەری گەڕانەوەم لەچاوی دەنکە گێلاسێکدایە

گێلاسێک هاوتەمەنی منداڵی من و گەنجێتی من و پیرێتی منە,

ئەوسەربووردەی ئەم دێوانەبێباکە ئەزانێت

ئەزانێت ئەوەڵ ساڵی پوشکەتانی من و ئەو

ساڵ ڕۆژی دەست بەردار بوونی خودابوو لەسێبەری باران.

بەڵام ئەگەری گەڕانەوەم لەمستی منداڵێک دایە

کەشەوێکی تاریکی دەست پێکردنەوەی شەڕدێتەدونیاوە!

ئەگەری گەڕانەوەم لەژێرپێی گوڵێک دایە دەمەوعەسرێک

پەپولەیەکی شەرمن دێنێتەدیدارم.

ئەڵێن سەفەرکردن بەلەشی پیسەوەبەڵای لەدوایە,

چیتربەهانەیەکم نییە

بەم لەشەپیسەوە ئەم کۆڵانانەبۆگەن نەکەن

ئەسەفا... من درەنگ زانیم

ئەم شەقامە بێزی لەهەنگاوەکانی من دێتەوە

ئەسەفا... من درەنگ زانیم بەهار بەسەر ژوانگەکانی تەنهایمدا ئەرشێتەوە،

ئەسەفا...من درەنگ زانیم دایکم لەنوێژدا ڕوبەڕوم ڕائەوەستێ و

خوام لێ ئەهێنێتە وەرە وەڕ....!

ء....ە...س...ە,,,ف...ا...

پایزی
2004